# زیندانی کردنی (ڕێبوار عارف) مەحکوم دەکەین

ڕۆژی 4-5-2005ڕێبوار عارف سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەکاتێکدا کە لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی قسەو باس دەکات لە لەلایەن ئاسایشی سلێمانی یەوە کە سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە(ی .ن.ک) دەستگیر دەکرێ .

ئەمەیەکەم جار نیە حیزبە حاکم و قەوم پەرستەکانی کوردستان لەسەر دەربڕینی ناڕەزایەتی سیاسی خەڵک زیندانی دەکەن ، تەقە کردن لە خۆپیشاندانە سیاسیەکان، هەڕەشەو چاو سورکردنەوە لە هەڵسوڕاوانی سیاسی، زیندانی کردن ،تیرۆری کەسانی ئازادی خواز و کۆمۆنیست بەشێک بوون لە کارنامەی ڕەشەی میلیشیاکانی (ی.ن.ک) بەدرێژای 14 ساڵی ڕابردوو. بە بارمتە گرتنی کەس و کاری هەڵسوڕانی سیاسی،میراتی قێزەوونی بەعس بوو، کەئێستا لەکوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئەمانەتەوە درێژەی پێدەدات . بە بارمتەگرتنی کەسایەتیە کان لە لایەن بەعس و خزم و کەس و کاری یەکێتی لای پارتی و پارتی لە لایەن یەکێتی هەرچەندە سەرچاوەکەی جیاواز بێت بەلأم هەر دەڕژێتەوە نا و یەک جۆگەوە . ئەمانە ئەو ڕاستیە بۆ سەدەهەمین جار دوویات دەکەنەوە کە قەوم پەرستان هەر ڕەنگێکیان هەبێت هەر دژی ئازادین، پێشێل کەری ئازادی سیاسین ، سەرکوت گەری دەنگی ناڕەزایی و ئازادی خەڵکن .

خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان!

ئازادی ڕادەر بڕین ،ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێپێوان، ئازادی ڕێکخراو بوون و ڕاگەیاندن و ..........هتد، مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر ئینسان و حیزب و کۆڕو کۆمەڵێکە . هەر جۆرە پێشێل کاریەکی ئازادیەکانی خەڵک لەژێر هەر بیانویەکدا بێت مەحکومەو جێگە نەفرەت و ناڕەزایەتی هەر ئینسانێکی شەریف و ئازادیخواز .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری لە ئازادی یە سیاسی یە کانی جەماوەر ی ئازادیخواز دایە، ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم کارە دژی ئازادیە، خوازیاری ئازادکردنی دەست بە جێی (ڕێبوار عارف)ین و بۆ ڕسواکردنی ئەم پێشێل کاری یەی (ی.ن.ک) سەرجەم میدیا جیهانیەکان و حیزب و ڕێکخراوە کرێکاریەکاری و ئازادی خوازەکان ئاگادار دەکەینەوە .

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

2005-5-6